ئەمە ڕەحمەت وبەزەییەکە خوای گەورە دەیکاتە نێو دڵی بەندەکانی، خوای گەورە ڕەحم دەکات بەو بەندەکانەی کە بە ڕەحم وبەزەیین

لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کوڕی کچەکەی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بەرزکرایەوە لە کاتی مردندا، چاوەکانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پڕبوو لە فرمێسک، سەعد پێی ووت: ئەمە چییە ئەی پێغەمبەری خودا ؟! ئەویش فەرمووی: «ئەمە ڕەحمەت وبەزەییەکە خوای گەورە دەیکاتە نێو دڵی بەندەکانی، خوای گەورە ڕەحم دەکات بەو بەندانەی کە بە ڕەحم وبەزەیین (بەرامبەر خەڵکی)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئوسامەی کوڕی زەید -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە یەک لە کچەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێکی نارد بۆ ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە لای ئامادە بێت چونکە کوڕەکەی خەریکە دەمرێت، ولە گێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی پێگەیشت وپێی فەرموو: (فەرمانی پێبکە؛ ئارام بگرێت وداوای پاداشت بکات، خودا ئەوەی بیباتەوە مواڵکی خۆیەتی وئەوەیشی بیبەخشێت هەر مواڵکی خۆیەتی، وهەموو شتێک لە لای ئەو کۆتایی وئەجەلێکی دیاریکراوی هەیە)، وفەرمانی بە نێردراوەکە کرد کە ئەم وشانە بە کچەکەی - دایکی منداڵەکە- بڵێت، (ئارام بگرێت): لەسەر ئەم کارەساتە. (وداوای پاداشت بکات): بەهۆی ئەم ئارامگرتنە داوای پاداشت لە خودا بکە؛ چونکە خەڵک هەیە ئارام دەگرێت بەڵام داوای پاداشت ناکات، بەڵام ئەگەر ئارام بگرێت وداوای پاداشت بکات ئەوا پاداشتی دەدرێتەوە. (خودا ئەوەی بیباتەوە مواڵکی خۆیەتی وئەوەیشی بیبەخشێت هەر مواڵکی خۆیەتی): بەڕاستی ئەمە ڕستەیەکی زۆر مەزنە؛ هەموو شتێک مواڵکی خودایە بۆیە ئەگەر شتێکت لێ بسێنێتەوە ئەوا مواڵکی خۆیەتی، چۆن تۆزە دەبیت وناڕازی دەبیت لەسەر ئەوەی شتێکت لێ بسێنێتەوە لەکاتێکدا مواڵکی خۆیەتی؟ بۆیە سونەتە ئەگەر مرۆڤ ناخۆشیەکی بەسەردا هات بڵێت: - إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ - واتا: -ئێمە مواڵکی خوداین، وهەر بۆ لای خودا دەگەڕێینەوە- بۆیە خودا هەرشتێک بهێنێت بەسەرماندا ئەوا ویستی خۆیەتی، ئەوەی خودا دەیبەخشێت مواڵکی ئێمە نییە، بەڵکو هەمووی مواڵکی خودایە، ومرۆڤ ناتوانێت بە ویستی خۆی ئەوەی خودا پێی بەخشیووە بەکارببهێنێت چونکە لەڕاستیدا مرۆڤ مواڵکی ئەو شتە نییە ودەبێت بەو شێوەیە بەکاریببهێنێت کە خودا ڕێگەی پێداوە، بۆیە ئەگەر ئەوەی مواڵکی خودا بێت وببیەخشێت چۆن دەبێت مرۆڤ ناڕەحەت ودڵتەنگ بێت کاتێک بەخشینەکە بۆ لای خۆی دەباتەوە؟ وچۆن دەبێت تۆزە وناڕازی ببین لەکاتێک کە پادشا مواڵکی خۆی بۆ لای خۆی بباتەوە -سبحانە وتعالى-؟ ئەمە پێچەوانەی ئەقڵ ودەقە!. وفەرمووی: (وهەموو شتێک لە لای ئەو کۆتایی وئەجەلێکی دیاریکراوی هەیە): ئەگەر لەم بابەتەش دڵنیا بووین لەگەڵ ئەوەی پێشووتردا ئەوا ڕازی دەبیت، وئەم ڕستەیە مانای ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانێت ئەوەی نووسراوە بیگۆڕێت نە بە پێشخستن ونە بە دواخستن، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {لِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ إِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ فَلا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلا يَسْتَقْدِمُون} [يونس: 49] واتە: {بۆ هەموو گەل و نەتەوەیەک کاتێکی دیاری کراو هەیە ئەگەر کاتەکەیان هات ئەوا نە ساتێک دوا دەکەون ونە پێشیش دەکەون}، ئەگەر شتێک لە قەدەردا بڕیاری لەسەر درا بێت ئەوا مرۆڤ ناتوانێت پێشی بخات ودوای بخات، بۆیە تۆزە بوون وناڕازی بوون هیچ سوودێکی نییە چونکە هیچ شتێک ناگۆڕێت وتەنها زیانی دەبێت، ئەم ڕستانە گەیشت بە کچەکەی بەڵام ئەو داوای کرد کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەپەلە ئامادەبێت بێت چونکە زۆری نەماوە کە کوڕەکەی بمرێت، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- هەستا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوەڵان وگەیشتە لای، وکوڕەکە بەرزکرایەوە بۆ باوەشی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وتووشی هەناسە بڕکێ هاتبوو، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گریا وبە چاوەکانیدا فرمێسک هاتە خوارەوە، سەعدی کوڕی عوبادە -کە سەرۆکی هۆزی خەزرەجە- پێی وابوو کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ناڕازییە بۆیە گریا، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئەمە ڕەحمەتە) واتا گریا وەکو ڕەحمەتێک بەرامبەر ئەم منداڵە نەک بەهۆی ناڕازی بوون لەسەر قەزا وقەدەری خودا، وپاشان فەرمووی:

(وخوای گەورە ڕەحم بەو بەندانە دەکات کە بە ڕەحم وبە بەزەیین بەرامبەر بە خەڵکی) وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گریان ئاساییە بۆ کەسێک کە تووشی ناخۆشی هاتبێت بەڵام بە بێ ئەوەی ببێتە هۆی نیاحە ودەنگ بەرزکردنەوە دەرپڕینی ناڕازی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6405